# دادوەریی وەستاو*



ئەحمەد بەهرام

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ کاتێك هەست بە ستەم بکات ئەوا پەنا بۆ دادگا دەبات بەو هیوایەی مافی سواوی بۆ بگەڕێتەوە، بۆیە پێویستە دادگاکان لەدەستێوەردانی دەرەکی دوور بکەونەوە تا ڕێگای سروشتی خۆیان بگرن، بەمەش زیاتر متمانەی هاووڵاتییان بۆ دادگاکان دەگەڕێتەوە.

ئەوەی نکۆڵی لێناکرێت بۆ زیاتر سەقامگیر بونی دادوەری، پارێزەرانن که بە ئەندامێکی خێزانی دادوەریی دادەنرێت و نازناوی دادوەری وەستاو (القضاء الواقف) یان پێ بەخشراوە بۆیە هەر لەکۆنەوە پیشەی پارێزەرایەتی هەر لەسەردەمی ڕۆمانییەکانەوە هەبووە لە بنەڕەتی وشەی avocatoی لاتینی هاتووە بە مانای (عفو) یان (قاضي) هاتووە، بەمانای داکۆکیکار لە تۆمەتبار لەبەرامبەر دادگادا ،هەر لەو سەردەمەدا پارێزەر خاوەن پایەکی کۆمەڵایەتی بوە بۆیە سەرۆکی دادگای باڵای فەرەنسا باس لە پارێزەر دەکات و دەڵێت (پارێزەران بەرزن وەك دادگا پێویستن بۆدادوەری) بۆیە پێویستە پارێزەران هەست بە گرینگی و قورسی خۆیان بکەن و یارمەتی دادگاکان بدەن بۆ داکۆکیکردن لە ماف و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەمڕۆی زۆربەی پارێزەران بەپێچەوانەی ئەم ئاڕاستەیە کار دەکەن. چونکە هەر کاتێك ئامانجی کار کردن لە پیشەی پارێزەریەتی گۆڕا، ئەوا ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ڕەوشی دادگاکان ئەوەی جێگای ڕەخنەیە پێویستە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بایەخ بە پارێزەر بدات لەرووی چۆنایەتییەوە نەك لە رووی چەندایەتییەوە، هەروەك لە وڵاتانی رۆژئاوا و تەنانەت لە چەند وڵاتێکی باشوری رۆژئاوای ئاسیا بەدی دەکرێت که پارێزەر رادەهێنرێت بۆ کاری پارێزەرایەتی لە دوای تەواو بوونی کۆلێژ و هەرپارێزەرێك پێویستە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا بێتە دی تا بتوانێت کاری پارێزەرایەتی بکات:

**بەهرە سروشتیەکان:** پارێزەر پێویستە زمانی پاراو و خاوەن بوێری بێت، تا بتوانێت بەزمانێکی یاسایی قسە بکات وبە وشەکانی کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی پەیدا بکات و لە هەڵچونی دەروونی دوور کەوێتەوە.

**تایبەتمەندی ئاکار:** لەبەر ئەوەی پارێزەر دەچێتە ناوەڕۆکی گرفتە کۆمەڵایەتی وئەخلاقییەکان پێویستە خۆی ون نەکات، بەپێچەوانەوە کێشەکە کاریگەری لەسەر پارێزەر دروست دەکات کێشەکە پارێزەر ئاڕاستە دەکات، نەك پارێزەر کێشەکە ئاڕاستە بکات.

**ڕۆشنبیریی یاسایی و ڕۆشنبیریی گشتی:** پارێزەر پێویستە زانیاری وردی لەسەر کێشەکە هەبێت بەر لەوەی لەبەرامبەر دادگا بوەستێت. جا چ لەرێگەی لێکۆڵینەوەی زانستی یان راوێژکردن یان خوێندنەوە بێت، بە پێچەوانەوە زۆرجار پارێزەر لە کاتی دادبینی دەبێتە هۆی لەدەستدانی کێشەکە (دۆڕانی داواکە).

**بیر تیژ و چالاك بێت:** ئەمەش لەڕێگای خوێندنەوەی بابەتی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی، چونکە ئەم زانستانە بیری پارێزەر تیژ دەکات، بەجۆرێك پێویستە چالاك بێ وەك کەسێکی ماندوو دەرنەکەوێت بەرامبەر دادگا و بریکاردارەکانی و پارێزگاری لە بەڵێنەکان بکات، بەپێچەوانەوە جێگای متمانەی دادگا و بریکاردارانی نابێت ئەمەش ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر کارو کەسایەتی پارێزەر .

**بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان** : وا باشترە کەمتر شانازی و خۆ بەزلزانینی پێوە دیار بێت چ لەگەڵ بریکاردارەکانی یاخود لەگەل هاوپیشەکانی.

**خۆشەویستی پیشەکەی:** خۆشەویستی هەر پیشەیەك مانای سەرکەوتنیەتی لەپیشەکەی، ئەمە وا دەکات بە سەلیقە و بەئارەزووی تەواوە کار بکات و لە شکست و دۆڕاندنی داوا، دەستە وەستان نەوەستێت. بەردەوامی بە پیشەکەی بدات ئەمە وا دەکات پارێزەر لە هەموو ئەو کارانە دوور کەوێتەوە کە ئامانج تیایدا تەنها بەدەستهێنانی سامان و پارەیە.

ئەوەی شایانی باسە هەموو تایبەتمەندییەك دەتوانرێت بە تێپەڕبوونی کات و ڕاهێنان دەستەبەر بکرێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەمڕۆی زۆربەی پارێزەران ئامانج تیایدا بەدەست هێنانی زۆرترین سامانە، بەمەش پارێزەر لە راستە شەقامەکە دوور دەکەوێتەوە تووشی گەلێك گرفت دەبێت لەکاتی کارکردنیدا و هەندێك جار کۆمەڵگاش دیدگای بۆ پارێزەر دەگۆڕێت، ئەو کات پارێزەر نەك ناتوانێت یارمەتی دادگا بدات بەڵکو ناتوانێت یارمەتی خۆشی بدات بەردەوام بەدوای خۆیدا دەخولێتەوە. پێشنیار دەکەم بۆ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان زیاتر بایەخ بە پارێزەران بدات بەر لەوەی ناسنامەی پارێزەرایەتیان پێ بدات خولێکی پراکتیکی و ئەکادیمیان بۆ بکاتەوە و پارێزەرە تازەکان پۆلین بکات لەسەر پارێزەرە راوێژکارەکان و ڕێسای تایبەت دەربکات بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان پارێزەرانی راوێژکار و ڕاهێنراوەکان بە جۆرێك ڕێگە لە (استغلال) کردنیان بگیرێت لەلایەن پارێزەرانی راوێژکار.



rawezhgovar@yahoo.com